**زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر**
**Salahaddin University – Erbil**

# « سیما دەنگییەکانی شێوەزاری هەرکی »

**پرۆژەی دەرچوونە**

ئەم توێژینەوەیە پێشکەش بە سەرۆکایەتی ( بەشی زمانی کوردی) کۆلێژی زمان کراوە

وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی وەرگرتن بۆ بڕوانامەی

بەکالۆریۆس لە بواری ( زمان و ئەدەبی کوردی )


**ئامادەکراوە لەلایەن :**

بەفرین سمکۆ محمد طاهر مصطفی

**بە سەرپەرشتی**

د. ساکار ئەنوەر



٢٧٧٤ کوردی ١٤٤٥ کۆچی ٢٠٢٤ زایینی

## پێشکەشکردن

ئەم توێژینەوە پێشکەشە بە :

- دایك و باوکم کەوا هەمیشە رێنیشاندەرو پالپشتم بوونە هوکاری بەردەوام بونم لە خوێندن ،درێژەدان بە خوێندن هەر ئەوان بوون.
- ئەو توێژینەوە پێشکەشە بە هەموو دۆست و هاورێکانم.
- پێشکەشە بە هەموو ئەو کەسانەی بە دوای زانست و زانیاریدا دەگەرێن. پێشکەشە بە سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (د. ساکار ئەنوەر ) کە ماندوو نەناسانە پالپشتم بوون.
- پێشکەش بە خەلکی خۆشەویستی عەشیرەتی هەرکی دەکەم.
- پێشکەش بە سەرۆکی بەشی زمانی کوردی و ماموستا بەرێزەکانی بەشی زمانی کوردی دەکەم.

## سوپاس و پێزانین


- سەرەتا سوباس بو خوای گەورە و میهرەبان کە توانای پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکەم.
- سوپاسی بەرێز(د. ساکار ئەنوەر ) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم دەکەم کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ.
- سوپاسی مامۆستا وهاوڕێ و هەموو ئەو بەرێزانە دەکەم کە هاوکارم بوون بو پێدانی زانیاریەکان.

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشکەشکردن | أ |
| سوپاس و پێزانین | ب |
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم : شێوەزاری هەرکی، سنوور و مێژووەکەی | ٢_٧ |
| باسی یەکەم : کورتە مێژوویەکی ناوچەی شێوەزاری هەرکی | ٢ |
| باسی دووەم : سنووری جوگرافی ناوچەی هەرکی | ٣_٤ |
| باسی سێیەم : هۆی پەیدابوونی زار و شێوەزار لەزماندا | ٥ |
| باسی چوارەم : شێوەزاری هەرکی | ٦_٧ |
| بەشی دووەم : یاسا فۆنۆلۆجییەکانی شێوەزاری هەرکی | ٨_١٤ |
| باسی یەکەم : فۆنیم | ٨ |
| باسی دووەم : فۆنیمەکانی شێوەزاری هەرکی | ٩_١٠ |
| باسی سێیەم : یاسا فۆنۆلۆجیەکان | ١١ |
| ١.دەنگە گۆڕکێ | ١١ |
| أ.گۆڕینی ڤاوڵ بۆ ڤاوڵ | ١١ |
| ب. گۆڕینی کۆنسونانت بۆ کۆنسونانت | ١١ |
| ٢. لە ناوچوونی دەنگ | ١٢ |
| أ.لە ناوچوونی کۆنسونانت | ١٢ |
| ب. لە ناوچوونی ڤاوڵ | ١٣ |
| ٣. پەیدابوونی دەنگ | ١٣ |
| ٤. گونجانی دەنگ | ١٤ |
| أ.گونجانی تەواو | ١٤ |
| ب. گونجانی ناتەواو | ١٤ |
| ٥. جێگۆرکێی دەنگ | ١٤ |
| ئەنجام | ١٥ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٦ |

## پێشەکی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان ،نیشتیمان هەموو سوچێکی جوان و دلگیرە بەلام جێگەو شوێنی لە دایك بوو پیروزترو جوانترە هەر لە مندالیەوە ئەم هەستەم لا دروست بوو کە ئەگەر روژێک لە روژان قەلەمم کردە دەست و توانیم بنوسم دەبێ ویژدانی خوم ئالودە بکەم و قەرزی ئەم هەموو جوانیەی عەشیرەتەکەم بدەمەوە چونکە هەقی لەسەر من هەیە و عەشیرەتێکە کە تیدا چاوم بە دونیا هەڵهێناوە و تیایدا مەزن بوومە، من لەم توێژینەوەیە مەبەستیم ئەوەیە کە لەسەر ( سیما دەنگییەکانی عەشیرەتی هەرکی) کە یەکێکە لە عەشیرەتە گەورەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان کە هۆزێکی گەورەی کوردە، بەشی هەرە زۆری ئەم هۆزە لە باشوری کوردستاندەژین. ژمارەیەکی زۆریشیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن لەگەڵ چەندین بنەماڵەی گەورە لە باکووری کوردستان، ئەمەی ئاماژەی پێدەکەم لەم توێژینەوەیە بەشێکی کەمە لە سیما دەنگییەکانی شێوەزاری هەرکی، هەرکی باشووری کوردستان بە نموونە وەرگیراوە.

### هۆکاری هەلبژاردنی بابەتی توێژینەوە

وێرای ویست و ئارەزووی خۆم لە نووسینی بابەتێکی ڕێزمانی و ئەدەبی کە کاریگەری بەسەر شێوەزار و سیما دەنگیەکانی عەشیرەتی هەرکیەوە بە پشت بەستن بە سەرچاوە و وەرگرتنی کەسایەتیە دیارەکانی ناو عەشیرەتی هەرکی زانیارییەکان خراونەتە ڕوو و ڕاستیەکان و گێرانەوە وەک خۆی.

### ڕێبای توێژینەوە

شێوازی جۆرایەتی باشترین ڕێگا بوو بۆ بەکارهێنانی بابەتی توێژینەوە لەکاتی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بۆ ئەوەی باشترین وەڵام و زانیاری بەدەست بهێنین بۆ ئەوەی بتوانین بۆچوونی کەسەکانی نێو عەشیرەتی هەرکی وەربگرین لەسەر بابەتی توێژینەوەکەمان بە شێوەیەکی دیاریکراو بەدەست بهێنین.

### ناوەرۆک و پێکهاتەی توێژینەوە

لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە، لێرە هەولدەدەین بە کورتی ئاماژەی پێبکەین بەشی یەکەم باس لە شێوەزاری هەرکی و سنوور و مێژوویەکە کە لە چەند باسێک پێکهاتووە باسی یەکەم کورتە مێژوویەکی ناوچەی شێوەزاری هەرکی وە باسی دووەم ئاماژەی داوە بە سنووری جوگرافی ناوچەی هەرکی باسی سێیەم جەختی لە هۆی پەیدابوونی زار و شێوەزار لەزماندا کردووە وە باسی چوارەم شێوەزاری هەرکی ئاماژە پێدراوە وە بەشی دووەم باسمان لە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی شێوەزاری هەرکی کردووە لەگەڵ چەن باسێک باسی یەکەم فۆنیم وە باسی دووەم وە فۆنیمەکانی شێوەزاری هەرکی وە باسی سێیەم یاسا فۆنۆلۆجیەکان و باسی چوارەم نموونەی نیمچە دیاردە دەنگییەکان لەگەڵ ئاماژە دان بە ئەنجام و لە کۆتایشدا لیستێکی سەرچاوەمان داناوە.

## بەشی یەکەم : ( شێوەزاری هەرکی و سنور و مێژووەکەی).

### باسی یەکەم : کۆرتە مێژوویەکی شێوەزاری هەرکی

عەشیرەتی هەرکییش یەکێکە لەو هۆزە کوردانەی خاوەنی رەگ و ریشەیەکی مێژوویی زۆر کۆنە لەم ناوچەیەدا، دەتوانین بڵێین پتر لە ٢٥٠٠ ساڵە لە شوێن و واری خۆیاندا لەسەر خاکی کوردستانی گەورە ماونەتەوە و بوون و خاکی خۆیان پاراستووە، ئەمە سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییە ئایینی و سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتییانەی ناوچەکەی پێدا تێپەڕیوە، لە زمانی کوردیدا کۆی (هەرکی) بەهۆی پاشگری (ان)ەوە دەبێتە (هەرکیان)، ئەم قسەیە لە نێو خودی عەشیرەتی هەەکیدا تا ئێستەش باوە، هەروەکو دەربڕینی هەرکی بە گوتنی (هەرکیانی) یان (هەرکانی) چا دەبێ.(هەرکی، ٢٠١٨، ل ٦).

عەشیرەتی هەرکی هۆزێکی کوردستانین و بە شێوەزاری کرمانجی ژوورو قسەدەکەن و ناودارترین سەرۆک عەشیرەت (حاجی ئاغای) هەرکی بووە و دانیشتوی ترگەوەری ئورمیە بووە، بە پێی قسەی مێژونوسان و شایات حالان زۆر بەی ڕوداوەکانی مێژوویی کە لەسەر زاران گێردراونەتەوە هۆزی هەرکی عەشیرەتێکی بوێر و زیرەک و قارەمانی زۆر بە هێزیان تێدا هەل کەوتوە کە جێی شانازی عەشیرەتەکانی و کوردستانن و بگرە ناوداریان گەیشتۆتە ولاتانی دراوسێی کوردستان ، عەشیرەتی هەرکی بە شەهیدە زۆرکانیەوە لە شۆرشە یەک لەدوای یەکەکانی بۆمان دەسەلمێنێ کە قارەمان و بوێر و چاو نەترس بوون بۆ بەرگری کردن لە خاک و نیشتمانیان بێشک ، عەشیرەتی هەرکی زۆر گرنگی بە بواری کۆمەلایەتی داوە و ئاغا و بەگەکانیان خۆش ویستووە رێزی زوریان لێ گرتوون و کێشە و گرفتە کانیان لای ئاغاکانیان چارەسەر کردووە ، ئەو شتەی عەشیرەتی هەرکی پێی بە ناوبانگە ئەویش پشتگیریکردنی یەکتریە لەناو عەشیرەتەکەدا هەرکی گەر یەکێکیان توشی کێشەیەک ببێ هەموو عەشیرەت بەهی خۆی دەزانێت و یارمەتی دەدەن و پشت لە یەکتری ناکەن و دلسوزن بۆ یەکتر ، هەرکیە کان لە عەشیرەتەکە ئاغایەک بۆ خۆیان دیاری دەکەن لەهەموو بنەمالەکان ئاغای خۆیان دیاری دەکەن تەنیا تیرەی سیدان نەبێت کەلە رۆژ هەلاتی کوردستان دەژین ئاغا بە هۆی دەنگ دانەوە هەلدە بژێرن بە دیمکراتی دیاری دەکەن بەلەم رە چاوی بنە مالە دەکەن. ( هەرکی، ٢٠١٧، ل ١٢).

## باسی دووەم : سنووری جوگرافی ناوچەی هەرکی

هەرکی عەشیرەتێکی گەورەی کوردستان و خودان جوگرافیایەکی نیشتەجێبوونی فراوانە کە بە دابەشبوونی خاکی کوردستانی گەورە، ناوچە فراوانەکەی نیشتەجێبوونی ئەم عەشیرەتەش دابەش بووە بەسە سێ دەوڵەتدا ( عێراق، ئێران، تورکیا)، بێگومان ئەم عەشیرەتە لە سوردەمی دەوڵەتی مادەوە هەبووە و هەیە، بۆیە لە نێو رووداوەکانی هەزاران ساڵەی ئەم ناوچەیەدا، بە شەڕ و ململانێ و شۆڕش و راپەڕینەکانیەوە، عەشیرەتی هەرکی ئامادەیی هەیە و لە زۆربەی رووداودا کاراکتەری سەرەکی بوون، لەنێو ئەم کتێبەدا رووداگەلی زۆر گرنگ و مێژوویی بە وردەکارییەوە باس کراون، جگە لە رووداوە سیاسی و سەزبازییەکان، عەشیرەتی هەرکی ژیانی ئابووری کۆمەڵایەتی و کولتوورییشی هەبووە. (هەرکی، ٢٠١٨، ل٩).

جوگرافیای نیشتەجێبوونی عەشیرەتی هەرکی، بەسەر سێ وڵاتدا دابەش دەبێ کە بریتین لە :

1 .عێراق/ کوردستانی باشوور

2 .ئێران/ کوردستانی ڕۆژهەڵات

3 .تورکیا/ کوردستانی باکوور

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەرکیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەدەین

### یەکەم : هەرکییەکانی کوردستانی باشوور (هەرێمی کوردستانی عێراق)

لە کوردستانی باشوور (هەرێمی کوردستانی عێراق) مەبەست ئەو بەشەی کوردستانە کە خراوەتە سەر عێراق، عەشیرەتی هەرکی بەسەر چوار ناوچەدا دابەش دەبێت :

یەکەم : هەرکیی سۆران

دووەم : هەرکیی بادینان

سێیەم : هەرکیی بنەجی

چوارەم : هەرکیی قەرەچەتانی . ( محۆ، ٢٠٢٣/١٠/٢٥).

یەکەم : هەرکیی سۆران

دەکەونە پارێزگای هەولێر و دەورووبەری و نزیکەی لە هەموو ئۆردوگاکان و گوندەکانی دەورووبەری هەولێر و قەزای خەباتدا نیشتەجێن، هەرکیی بەشی سۆران لەلایەن بنەماڵەی فەتاح ئاغای هەرکییەوە براگەوراتی دەکرێت.

دووەم : هەرکیی بادینان

عەشیرەتی هەرکی لە ناوچەی بادینان، بێگومان مەبەست لە (بادینان) دەڤەری بادینانی کوردستانی عێراق یاخود کوردستانی باشوورە، کە سنووری پارێزگای دهۆک بە تەواوی قەزا و ناحیەکانیەوە لە خۆ دەگرێ و هەروەها بەشێکی زۆر لە ناچە کوردستانییەکانی سەر بە پارێزگای مووسڵیش دەگرێتەوە، زێد و شوێنی نیشتەجێبوونی هەرکی بادینان دەکەوێتە سنووری قەزای ئاکرێ تا دەگاتە قەزای بەردە رەش وە گوندی گردە سێن، گوندی ( گردە سێن ) ئەم گوندە گەورەترین و کۆنترین گوندەکانی هەرکی نشینە لە سنووری بادینان.

سێیەم : هەرکیی بنەجی

هەرکیی بنەجی ئەو هەرکییانەن کە لە ناوچەی نیشتەجێبوونی خۆیاندا ماونەتەوە، بە پێی هەلکەوتەی جوگرافیای گوند و ناوچەکانیان دێنە ناسین، نەوەکو تیرە و هۆز و بەرەباب و قەبیلە، هاو سنوورە لەگەڵ گوندەکانی ناوچەی دەڤەری بارزان لە هەرێمی کوردستانی عێراق (کوردستانی باشوور).

چوارەم : هەرکیی قەرەچەتانی

هەرکیی قەرەچەتانی کە نیشتەجێی گوندی قەرەچەتانی سەر بە پارێزگای سلێمانین لە کوردستانی باشوور ( عێراق)، ئەم هەرکیانەش لە ئەسلدا خەڵکی ناحیەی قەسرۆکی سەر بە قەزای ئاکرێ لە دەڤەری بادینان، بەڵام لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان دوو بنەمالەدا ئەم هەرکیانە روویاندا و روویان لە شاری سلێمانی کردووە. (محمود، ٢٠٢٣/١٠/٢٣).

## باسی سێیەم : هۆی پەیدابوونی زار و شێوەزار لە زماندا

**_ زار**

لە بنجدا ئەم زاراوەیە بە زمانی لاتینی بەواتای زمان بەکارهاتووە دیالێکت شێوەیەکە لە شێوەکانی زمانی ناوچەیی یان کۆمەڵایەتی یان کاتی کە پێکهێن و دانەکانی ڕۆنان و ڕێزمانی تایبەتی هەیە. (حەمید، ۲۰۲، ل ۳۱).

**_ شێوەزار**

شێوەزاری یەکێکە لەو زاراوانەی کە پەیوەستە بە زمان زۆرجار لە شوێنی دیالێکت بەکاردێت لەلایەن کەسانی نەشارەزا لە بواری دیالێکتۆلۆجیادا. (عەلی، ۲۰۰۵، ل ۲۵).

**_ هۆکاری پەیدابونی زار و شێوەزار :**

بێگومان کۆمەڵێک هۆکار هەن بۆ پەیدابونی زار و شێوەزار

١-هۆکاری (کۆمەلایەتی ) : پەیوەندی بە عادەت و تەقالید و نەریتی ناو کۆمەلگاو دابەشبونی چینەکانی کۆمەلگاوە هەیە

٢-هۆکاری (سیاسی) : ئەمە دوو لایەن دەگرێتەوە :

أ-ئەوەیە کە میللەتێک خاوەن حوکمەتێکی ناوەندی (مەرکەزی ) نەبێت

ب-ئەوەیە حوکمەتێککی ناوەندی هەیە بەلام لەبەر فراوانی سنوری حوکمڕانیەکەی ناتوانێت دەسەلاتی بەسەر هەموو ناوچەکاندا بکێشێت وادەکات کە هەر شوێنێک یان ناوچەیک شێوە قسەیەکی تایبەتی هەبێت

٣-هۆکاری جوگرافیای سروشتی و هەلکەوتی ناوچەکە

٤-ڕادەی رۆشنبیری و لایەنی دواکەوتوی کۆمەلەوە

٥-لایەنی فۆنۆلۆجی(دەنگسازی) بۆ نموونە (نوسی دەبێتە نڤیسی)

٦-لایەنی ئابوری ،چونیەک دابەشنەبونی ئابوری لەشوێنە جیاوازەکاندا ئەمەش هۆیەکە بۆ پەیدابونی زار

٧-هۆکاری بایۆلۆجی و فیزیکی : ئەمە تا ڕادەیکی زۆر پەیوەندی بەدروستبونی مرۆڤەوە هەبێت.

## باسی چوارەم : شێوە زاری هەرکی

عەشیرەتی هەرکی بە شێوەزاری کرمانجی ژوورو قسە دەکەن بە پێی شوێنی نیشتەجێبوونیان گۆڕان بەسەر قسەکردنیان دێت، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە شێوەزاری هەرکی جۆرە تێکەلیەکی هەیە لەگەڵ هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی چونکە زۆرێک لە وشەی ئەم دوو زمانە تێکەل بە شێوەزاری هەرکی بوونە، ئەمەش دەگەرێتەوە بوو تێکەلاوی ئەم عەشیرەتە لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتە، شێوەزاری هەرکی بەسەر چوار جۆردا دابەش بووە، بۆ نموونە ئەو هەرکیانەی دەکەونە سنوری هەولێر و دەورووبەری لە کاتی قسەکردنیان شێوەزاری سۆرانی تێدا بەدەردەکەوێت، هەرکیەکانی ناوچەی سۆران بەهۆی ژیان و کارکردن و خوێندن و جۆرەها هۆکاری تری ژیان روویان لە هەولێر و ناوچەی دەورووبەری کردووە لەبەر ئەم تێکەلاو یەیان لەگەڵ خەڵکی هەولێر شێوازی قسەکردنیان گۆرانی بەسەر هاتووە بە بەراورد لەگەڵ هەرکیەکانی خەڵکی بادینان و ناوچەکانی تر کە چەندەها وشە و رستەی سۆرانی تێکەل بە قسەی هەرکیەکان بووە. ( ئاودەل، ٢٠٢٣/١٠/٢٢).

هەچی هەرکیی بادینانە کە لە ناوچەکانی دهۆک و ئامێدی و موسڵ و ئاکرێ بلابوونەتەوە، بەڵام لە هەمووی بەربڵاوتر لە ئاکرێ نیشتەجێن بە تایبەتی لە قەزای گردە سێن و بەردە ڕەش، ئەم هەرکیانە شێوازی قسەیان زۆر گورانکاری پێوە دیار نییە تەنها هەندێک لە وشەی عەرەبی بەکار دەهێنن بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانینن بڵێین کە شێوازی قسەیان وەک خۆی ماوەتەوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە شوێنی ئەسلی خۆیاندا نیشتەجێبوونە، تێکەلاویەکی زۆریان لەگەڵ عەشیرەت و خێلی تردا نییە کە کاریگەری لەسەر قسەکردنیان دروست بکات، هەرکیی بادینان بە هەرکی ئەسلی دادەنرێن لەبەر ئەوەی هەر لەسەر عادەت و تەقالیدی هەرکیاتی ماونەتەوە. ( احمێ، ٢٠٢٣/١٠/٢٣).

هەرکی بنەجی بەهۆی ئەوەی کۆچیان نەکردووە لە ناوچەی نیشتەجێبوونیان ماونەتەوە وە هاو سنوورەن لەگەڵ گوندەکانی ناوچەی بارزان کە ئەو هەرکیانەش دابەش بوونە بۆ سەر دوو جۆر ( دری و ستوونی) کە ئەوانیش بە شێوەزاری بارزانی قسە دەکەن، هەرکی بنەجی بەهۆی بەرکەوتنی زۆریان لەگەڵ خەڵکی بارزان کاریگەری هەیە لەسەر شێوەی قسەکردنیان جگە لە جیاوازی وشەکان تەنانەت لە شوەی دەربڕین دا یان تونی دەنگیا جیاوازە هەندێک لە وشەکان بە قورسی دەردەبرن هەندێک بە سۆکی، هەرچەندە

قسەکردنی شێوەزاری هەرکی لەگەڵ بارزانیەکان تارادەیەکی زۆر وەکو یەکە بەڵام دیسانەوە هەرکی بنەجی کەوتونەتە ژێر کاریگەری بارزانییەکان بە تەواوی قسەکردن هەروەها شێوازی قسەکردنیان هەندێک نزیکە لە هەرکی سۆران .( محمود، ٢٣/١٠/٢٠٢٣).

هەرکیی قەرەچەتانی ئەو هەرکیانەنن کە روویان لە ناوجەی سلێمانی کردووە بەهۆی کێشەیکی کۆمەڵایەتییەوە لەبەر ئەم هۆکارانە دابڕاون لە هەرکیەکانی تر وەکو هەرکیەکانی سۆران و بادینان و بنەجی، قسەکردنی ئەم هەرکیانە مۆرکی شێوەزاری هەرکیاتیان تێدا کاڵ بووەتەوە و هەرکیاتی بەکار ناهێنن بەهۆی بەرکەوتنیان لەگەڵ خەڵکی سلێمانی بە شێوەزاری سلێمانی قسە دەکەن دەتوانینن بڵێین کە بە تەواوی داب و نەریتی هەرکیاتیان بیر چووتەوە و تەنها ناوی هەرکیاتیان بەسەرەوەیە ئەگەر نە هیچ عادەت و تەقلیدیان لە هەرکی ناچێت و بە تەواوی گۆراون.( احمێ، ٢٣/١٠/٢٠٢٣).

لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئاماژە بە هەندێک نموونە دەکەین بۆ هەر چورا جۆر کە چۆن ناوچەی نیشتەجێبوون کاریگەری هەیە لەسەر گۆران لە وشە یاخۆد گۆرانی هەندێک پیت یان لە دەربڕیندا

| هەرکی بادینان | هەرکی سۆران | هەرکی بنەجی | هەرکی قەرەچەتان |
|---|---|---|---|
| طمپێل | تمبێل | سیارە | سەیارە |
| نەساخ | نەخۆش | نەخوش | نەخۆش |
| کرتۆپ | کرتۆپە | پتات | پەتاتە |
| پانزین | بەنزین | بەنزین | بەنزین |
| بەقلاوە | پەقڵاوە | بەقلاوە | پاقڵاوە |
| مستەشفە | خەستە | خەستێ | نەخۆشخانە |

## بەشی دووەم : یاسا فۆنۆلۆجییەکانی شێوەزاری هەرکی

**_ فۆنیم**

فۆنیم یان واچ لە زمانەوانیدا بە بچووکترین بەشی وتە (قسە) دەگوترێت کە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە واچەکان بچووکترین یەکەی دەنگیی سەربەخۆن کە جیاوازی واتایی پێک دەهێنن، بۆ وێنە لە کوردیدا «ر» و «ڕ» دوو واچن، لە بەر ئەوەی کە لە دوو وشەی وەک (کەر و کەڕ) دا دەبنە هۆی جیاوازی واتایی واچن چونکە واتا ناگۆڕن، مۆرفیمەکان بە یارمەتی واچەکان درووست دەبن (یەک یان چەن مۆرفیمیش، وشەیەک پێک دێنن). بۆ وێنە: «تۆ» لە دوو واچی «ت» و «ۆ» پێک هاتووە، ئەو دەنگانەی کە لە سیستەمی دەنگی هەر زمانێک دەبنە هۆی جیاوازی واتایی لە وشەکاندا و دابەش ناکرێن، بە واچ دەناسرێن. ( ڕەسول، ٢٠٠٦، ل ٣١).

بۆ دەستنیشانکردنی فۆنێمەکانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی ڕاست پێویستە ئەمانەی خوارەوە پەیرەو بکەین :

یەکەم : دیاری کردنی دەنگەکانی زمانی کوردی.

دووەم : دانانی تیپێک بۆ هەر یەکێک لەم دەنگانە.

سێیەم : بەراورد کردنی ئەم تیپانە لەگەڵ یەکتردا بۆ سەلماندنی پێویستی بونیان لە ئەلفابێ ی زمانەکەماندا داو سەڵماندنی ئەوری کە نەبوونی هەر یەکێکییان ئەنێتە هۆی مانا گۆرین و تێکەڵاو کردنی وشەکان.(فؤاد، ، ١٩٩٥، ل ٢).

## _ فۆنێمەکانی شێوەزاری هەرکی

بەشێک لە فۆنیمەکانی شێوەزاری هەرکی :

| ژمارە | فۆنیمی تازە | فۆنیمەکانی شێوەزاری هەرکی | جووتۆکە |
|---|---|---|---|
| ٥ | گ، ڕ، ش، هـ، ب | گ، ڕ، ش، هـ ، ب | گەش، ڕەش، شەش، هەش ، بەش. |
| ٣ | ک، د، س، هـ | ک، د، س، هـ | کویر، دویر، سویر، هویر. |
| ٢ | خ، ج | ش، خ، ج | شەو، خەو ، جەو. |
| ٢ | م، ت | م، س ، ت | مال، سال، تال. |
| ٣ | ز، ژ، ڤ | ژ، ڤ، ز، د | ژین، ڤین، زین، دین. |
| — | — | ش، م، د | شل ، مل، دل |
| ١ | ط | س،ط | سیارە، طیارە |
| — | — | ب، م، ر | بر، مر، کر. |
| ٣ | چ، ن، ل | چ، ئـ ، ل | چاو، ئاو ، لاو |
| ١ | ڤ | ز، ب، ک، ڤ، هـ | زەر، بەر ، کەر ، ڤەر، هەر. |
| — | — | هـ، چ ، سـ | هەور، چەور ، سەور |
| — | — | ڕ، د، ف | ڕەنگ ، دەنگ، فەنگ |
| — | — | س، خ، م، هـ | سار، خار، مار، هار |
| — | — | ژ، ت، د | ژەنگ، تەنگ، دەنگ |
| — | — | ف، چ | دفن، دچن |
| — | — | ب، ک، س | بێرک، کێرک، سێلک |
| — | — | هـ، ر، خ | هسک، رسک، خنک |
| ٢ | ق، ک | ق، ک | قازان، ئامان |
| ١ | پ | س، پ، ق | سنیک، پنیک، قودیک |
| — | — | خ، م، ق | خەت، مەت، قەت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کروسک، گێسک | ک، گ | — | — |
| هژیر، هەویر | ژ، و | و | ١ |
| ئەرد، مەرد، دەرد | ئـ، م، د | — | — |
| دەر، دار | ە ، ا | ە | ١ |

## _ یاسا فۆنۆلۆجییەکان

هەر زمانێک کۆمەڵێک یاسای تایبەتی هەیە کە بە هۆیەوە فۆنۆلۆجی فۆنیمەکان دەست نیشان دەکات و لە ناو قالبی بڕگەی فۆنەتیکدا ئەو فۆنیمانە لێک دەداتەوە و بڕگەی فۆنۆلۆجی پێک دێنێ و لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکانیش ، دەنگ هەیە دەگۆڕدرێت و دەنگ هەیە پەیدا دەبێت و دەنگ هەیەتێدەچێت......هتد ( ئەمین، ٢٠٠٤، ل ٣٨).

**١_ دەنگە گۆڕکێ**

**أ_ گۆرینی ڤاول بۆ ڤاول**

بریتییە لە گۆرینی ڤاوڵێک بە ڤاوڵێکی تر لە ناوەندی وشەیەکدا کە دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە، ئەم دیاردەیە بە زۆری لە زمانە هیندی و ئەوروپییەکاندا ڕوودەدات ، هەروەها ئەم جۆرە گۆڕانە بە apophony یان vowel gradation ناو دەبرێت وەکو

دەر دار

**ب_گۆڕینی کۆنسوناتی بۆ کۆنسونات**

گۆرانی دەنگ لە هەموو زمانێکدا ڕودەدات بریتیە لە گۆڕانی کۆنسناتێک بە کۆنسناتێکی جیاواز لە خۆی (گۆڕانی دەنگ وەک دیاردەیەکی گشتی هەموو زمانەکان دەگرێتەوە بە تایبەتی کاتێک دەنگ دەچێتە چوارچێوەی قسە کردنو دوانی ڕاستەوخۆ) (عەلی :٤٤:١٩٨٩) لەو گۆرانەدا دەنگێکی وشەیەک لە قسەی هەندێ کەسدا دەگۆڕدرێت بە دەنگێکی تر لە قسەی خەڵکی تردا، بێ ئەوەی ئەو گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە

تمبیل طمپیل

**٢_ لەناوچوونی دەنگ**

مەبەست لەم گۆڕانە دەنگییە سووانی دەنگێك یان زیاترە بە مەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین، ئەم جۆرە گۆڕانەش لە ئەنجامی ژینگەیەکی فۆنۆلۆجی تایبەتەوە دێتەکایەوە، دەتوانین ئەم دیاردەش ، واتە سووانی دەنگ بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان بکەین :

**أ_ لە ناوچوونی کۆنسونانت**

وانەوە یا لەنێوچوونی دەنگە کۆنسنانتەکان لە شێوەزاری هەرکی لەم شوێنانەدا بەدی دەکرێت :

**أ. لە سەرەتای وشەدا**

لێرەدا دەنگێکی کۆنسنانت لەسەرەتای وشەدا لەنێودەچێت بۆ ئاسانی دەربڕین، یان هەندێکجار لە ئەنجامی پەلەکردن بە تایبەتی کە دوو دەنگی کۆنسنانت لەسەرەتای وشەدا بە سەریەکەوە دێن ، بۆ نموونە :

هۆشیار هشیار

حۆشتر حیشتر

**ب. لە نێوەڕاستی وشەدا**

هەندێکجار دەنگیکی کۆنسنانت یان زیاتر لە نێوەڕاستی وشەدا لەنێودەچێت، ئەمەش لە ئەنجامی لێکدانی دوو مۆرفیم یان زیاتر بۆ ئەوەی هێشووە کۆنسنانت دروست نەبێت، چونکە هێشووە کۆنسنانت درکاندنی قورس و گرانە، ئەم دیاردەیەش لەم نموونانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

لەنێوچوونی مۆرفیمی (ب)ی داخوازی لە کاری داڕێژراو و لێکدراودا :

هەڵگرت هەڵبــگرە هەڵگرە

**پ. لە کۆتایی وشەدا**

لەم جۆرە گۆڕینەدا دەنگێکی کۆنسنانت لە کۆتایی وشە یان مۆرفیم دەسوێت بۆ مەبەستی ئاسانی دەربڕین، هەندێك لەو لەنێوچوونانە:

لەنێوچوونی دەنگی لەنێوچوونی دەنگی (ک ) نیشانەی نەسیاوی و ناسیاوی

زەڵامەک زەلامێ

زەڵامەکە زەلامە

**ب_ له ناوچوونی ڤاوڵ**

کاتێك دوو مۆرفیم یان زیاتر لیکدەدرێن و دوو ڤاوڵ دەکەونە تەك یەکەوە ڤاوڵێك لەنێودەچێت بە تایبەتی ڤاوڵی بێهێز، هەروەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

کاتێك مۆرفیمی (ێت) ی کۆ دەخرێتە سەر ئەو ناوانەی کۆتاییان بە ڤاوڵی (ە) هاتووە:

پەنجەرە + ێت پەنجەرێت

لەنێوچوونی دەنگی (ش) لە ڕەگی ئەو کارانەی کە (ت)ی کەسی سێیەمی تاك وەردەگرن :

دێ + شوش+ ت دێشوت

دێ+ گەهش+ ت دێگهت

هەروەها سوانی دەنگی (ە)ی کۆتایی پێشناوی (لە) کاتێك بە وشەکانی (ئێرە ، مە، تە،وی) دەلکێن :

لە + ئێرە لێرە

لە + مە لمە

لە + تە لتە

لە + وی لوی

**٣_ پەیدابوونی دەنگ**

بریتیە لەپیدابوونی دەنگێک یان زیاتر لە نێو وشەیەکدا (هەندێک جار لە ئەنجامی کۆبونەوەی ڕەگی وشەیەک و پاشگرێک دەنگێکی نوێ پەیدا دەبێت بۆ جیاکردنەوەی بزوێنەکان)( فتاح، ١٩٨٦، ل ١١٦).

چەند هۆکاری جیا جیا هەیە بۆ پەیدابوونی دەنگ :

١_ زۆر جار دوو بزوێن دەکەونە پاڵ یەکتری،ئەوە لەم حاڵەتەدا نەبزوێنێک دێتە نێوانیان چونکە لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن بە دوای یەکتریدا نابێت بێن یان بە پێچەوانەوە دوو نەبزوێن دێن ، بزوێنێک دێتە نێوانیان

٢_ هۆکاری زار و شێوەزار،چونکە هەندێک دیاردە هەیە تەنیا لە هەندێ شێوەزاردا بە دی دەکرێت بەو واتایەی مەرج نیە لە شێوەزارێکی تردا بە دی بکرێت(شاڵی، ٢٠٠٠، ل٨٤ )

هەر ـــــــهەرە

کەشک ـــکەوچک

کچ ـــکیژ

**٤_ گونجانیش دوو جۆرە:**

١-گونجانی تەواو: لەم جۆرەگونجانەدا دەنگێک دەگۆڕێت بۆ ئەوەی بە تەواوی بە دەنگێکی تر بچێت ، واتە دەنگێکی کارتێکراو دەگۆردرێت بە دەنگێکی کارتێکەر ، ئەم دیاردەیەش پێی دەگوترێت گونجانی تەواو . ئەم گونجانەش بە زۆری لە شێوەزاری هەرکی هەستی پێدەکرێت لە دەنگەکانی /ح/ و/ر/ ئەم گۆڕانکاریەیان بەسەر دا دێت .( خۆشناو، ٢٠١٤، ل٧٨).

وەک : حەڤدە ـــهەودە لال ـــلار

٢-گونجانی نا تەواو: لەم جۆرە گونجانەدا بەشێک یان سیفەتێک لە دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێک پەیدا بکات ،لەگەڵ دەنگێکی تردا بە تایبەتی لەگەل دەنگەکانی کارتێکەرەکەدا ،واتە گۆرانەکە هەموو سیفەتی دەنگەکانی تر ناگرێتەوە بەڵکو تەنیا لە سیفەتێکدا لەگەل دەنگە کارتێکەرەکەدا یەک دەگرنەوە بۆ ئەوەی دوو دەنگە جیاوازەکە لە یەکتر نزیک ببنەوە لە سیفەتی قەلەوی یان گری یان کپی .....هتد. لەم حاڵەتەدا جوڵانەوەیەکی هارمۆنی پەیدا دەبێت لە نێوان ئەندامەکاندا بۆ ئەوەی تینی ماسولکەی کەم بە کار بێت لە کاتی درکاندندا بەم جۆرە دەنگی گڕ دەگۆڕێت بۆ دەنگی کپ لە مەبەستی خۆ گونجاندن لەگەل دەنگێکی تر لە تایبەتمەندی کپی .(خۆشناو، ٢٠١٤، ل ٧٨) وەک :

دەست نوێژ دەست نوێش

حەژێکردن حەز لێکرن

**٥_ جێگۆرکێی دەنگ**

لێرەدا دوو دەنگ یان دوو بڕگە جێگاکانیان دەگۆڕنەوە هەندێکجاریش وشەکە بە هەردوو شێوەکەی لە یەك زاردا دەبینرێت، هەندێکجاریش وا دەردەکەوێت هەر شێوەی دەکەوێتە زارێکەوە، بۆ نموونە :

بەفر بەرف

تزبی تبزی

هەندێکجاریش ئەو جێگۆڕکییە پێوەندیی بە چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، بۆ نموونە:

جومعە جوعمە

روعب روبع

لەعن نەعل

زیخ خیز

## ئەنجام

- بۆمان دەردەکەوێت کە شوێنی نیشتەجێ بوون هۆکارێکی سەرەکیە کە کاریگەری لەسەر شێوازی ئاخاوتن هەیە و دەبێتە هۆی گۆڕانی وشەکان .

- لەرێگەی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ کەسە بە تەمەنەکان بۆمان دەرکەوت هێشتا وشەی زۆر رەسەنی ئەم شێوەزارە بەکار دەهێندرێن و نەمردوون

- بوونی جیاوازی لەنێوان شێوەزاری هەرکی لەگەر شێوەزارەکانی تر ئەویش بە ڕادە هەندێک لەو وشانە بە ڕادەیکی زۆر جیاوازن هەندێکیان بە فۆنیمک کەمتر یاخود زیاتر .

- لەنێو لەناوچوونی دەنگ لە شێوەزاری هەرکی کۆنسنانت بە پلەی یەکەم دێت ڤاول بە پلەی دووەم دێت .

- لەنێو پەیدابونی دەنگیش بە هەمان شێوە کۆنسنانت بە پلەی یەکەم دێت و ڤاول بە پلەی دووەم دێت .

- لە نێو یاسای جێگۆرکێی دەنگ ڤاول بە پلەی یەکەم دێت کۆنسنانت بە پلەی دووەم دێت

## سەرچاوەکان

**کتێبە کوردییەکان**

١. ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٤، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢. دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی(٢٠٠٠)،یاسای دەنگیەکانی زمانی کوردی،بەشی کوردی کۆلێژی زمان-زانکۆی سلێمانی،نامەی ماستەر.

٣. ڕەوسول، عەبدوڵلا حۆسێن، ٢٠٠٦، ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێک فۆنیێم لە نێوان کوردیی ناوەڕاست و باکووردا، گۆڤاری زانستە مرۆڤاییەتیەکان، زانکۆی سەلاحەدین ژمارە٢٧.

٤. عەلی، تالیب حوسێن، ٢٠٠٥، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٥. فؤاد، کەمال، ١٩٩٥، فۆنێمەکانی زمانی کوردی، چاپی یەکەم.

٦. هەرکی، هۆڤین شیمال ،٢٠١٧، هۆزی هەرکی لە دامێنی چیاکانەوە بەرەو پێدەشتەکانی شار ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

٧. هەرکی، نەجات ئەکرەم، ٢٠١٨، مێژووی عەشیرەتی هەرکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

**نامە ئەکادیمییەکان**

١. حەمید، ساکار ئەنوەر، ٢٠٢٠، ئەتلەسی دەنگسازی شێوەزاری خۆشناوەتی، ماستەر لە زمانی کوردیدا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

**سەرچاوە زارەکیەکان**

١. ئاودەل، عیسی اسعد، لە دایکبووی ١٩٦٧

٢. احمێ، عبدالله لاو، لە دایکبووی ١٩٦١

٣. محۆ، فاروو مصطفی، لە دایکبووی ١٩٥٨

٤. محمود، ارشد علی، لە دایکبووی ١٩٦٧

٥. محمود، رمزی علی، لە دایکبووی ١٩٧٣

**گۆڤارەکان**

١. فەتاح محمد مەعروف(١٩٨٦)،سنورو بنەماو ئەرکەکانی کۆزمانەوانی،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ-ژمارە(١١٢)